وەزارەتـی نـــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 3857
ڕێکەوت : 7 / 11 / 2022

---

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.39- 2022) تەندەری پرۆژەی**

**(چاککردنی بەشێک لە ڕێگاوبانی گوندەکانی سنوری ناحیەی نەوجوول لە کفری )**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگــــاداری ســـــەرجەم بەلێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامــــــادەکراوە لە لایەن ( ب.ڕێگاوبــــانی گەرمیـــــان ) , لەســــەر بـــــودجەی پەرەپێـــــدانی پارێزگاکـــــان/ئیــــدارەی گەرمیــــان بـــۆ ســـاڵی (٢٠٢٢) جێبەجـــێ دەکرێـــت, هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریـــــــاری لە دیــــــوانی ئیـــــــدارەکەمان بکــــــات بەمەبەســـــــتی وەرگرتنــــــــی تەنــــــــدەر .

ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (120) سەد و بیست ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێـی ڕێنمـایی جێ بەجێکردنـی گرێبەسـتە حکومی یەکـان ژمـارە( 2 ) سـاڵی (2016) جـێ بەجـێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

• وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی (یەک شـەممە 13/ ١١ /2022 )ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (یـە ك شـەممە 27 / ١١ / 2022) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( 100,000) سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (چـوار شـەممە 30 / ١١ / 2022 ) کـاتژمێر (11:00 )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی ئیـدارەی گەرمیـــان / ب. گرێبەستەکان بکەن .

• مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆڵێنکردنیان ( 2 تا 9) بێت وە پێناسی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( **التعهد الخطي الضامن** ) بەپێی وێنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویسـتە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2022) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**2022 / 11 /**